نـووسەر : مامۆستا ئوسامە تەوحیدی
ئامادەکردنی : مەنجەنیق

هەڵۆی بەناو زاهد

نووسینی کتێب بەتاوان دائەنێت لە دینەکەی خۆیدا

بسم الله الرحمن الرحيم

لەدینی مەلا هەڵۆ

نووسینی کتێب تاوانە

چونکە ڕێگرە بۆکتێبی سەلەف

نووسراوی
ماموٚستا ئوسامە تەوحیدی -حفظه الله-

ئامادەکردنی
مەنجەنیق

١٤٤٨ هیجری

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ئـــەبێت کەسێکی تــر هەبێت لەم سەرزەویە وەک دەجالــەکەی مزگەوتی ڕێدیـن گیرۆدەی قسەکانــی زمان ــی خۆی بێت ؟

ئەڵێت : هەنێ کەس پێمەڵێن بــۆکتێب نانوســی؟ بۆناتوانم کتێب بنوســم ؟ والله بمەوێ هەموو مانگێ کتێب ــێ ئەنوســم بەس من کتێب لەچیـا بنوســم ؟ بۆنمونە لەبارەی **عەقیدەوە** کتێب بنوسم خەڵک واز لەکتێب ــی سەلەف بهێنێت کتێب ــی من بخوێنێتەوە ؟ تخوا گوناحم ئەگا یــان خێرم دەستەکەوێ؟ والله گوناحم ئەگا !!! من ئەبم بەبەربەست لەبەردەم کتێبەکان ــی ئەوانە چۆن شتی وائەکەم !

ئەی خەڵکیـنە ئێوە خۆتان بیستوتانە هەڵۆ بەدەم ــی خۆی وتی من زۆرکات لەکات ــی وتاردان خەوم لێ ئەکەوێت دڵنیابــن ئەم پیرەپیــاوە خەڵەفاوە و ئەقڵی لەدەست یــاوە تەنها بــڕواننە کتێبخانەکەی پشت ــی ئایا نوسەرانی ئەوکتێبانە هەموویان گوناحبارن کەکتێبیان نوسیوە ؟ ئایا کتێبەکانی ئەوان بــۆتە بەربەست لەبەردەم کتێب ــی سەلەف یاخود هەرلەڕێگەی کتێب ــی ئەوانیشەوە خەڵک زیاتر ئاشــنای سەلەف بــوون ؟

من یـەک پرسیار لەهەڵۆ ئەکەم

تۆبـۆچی وتار ئەیەی و دەرس شەرح ئەکەیت ؟ ئایـا جیاوازی نێوان وتار وکتێب چیە ؟ گەر کتێب نوسینت ئەبێتە بەربەست لەگەڕانەوە بۆکتێب ـی سەلەف کەواتا وتار مەیە بـۆ وتار ئەیەی ودەرس ئەیەی ئەی نازانیت بنەمایەکـی شەرعی هەیە ئەفەرموێت (**الكِتابُ كالخِطابِ**) کتێب وەک وتـارە. **تبيين الحقائق للزيلعي (4/4)، البناية للعيني (8/8)**

وەهەروەهـــا : **الكِتابُ مِنَ الغائِبِ كالخِطابِ مِنَ الحاضِرِ.**
نوسـراوی کەسـی غائیب وەک وتاری کەسـی ئامادەبـووە. **البناية للعيني (8/8)**

الكِتابُ أحَدُ اللِّسانَينِ.
نوسـین یەکێکە لەدووزمانەکە. **شرح السير الكبير 360**

پێغەمبەر **صلى الله عليه وسلم** هەنێ کات بـەنوسراو قسەی خۆی ئەگەیـاند وەک نامەکان ـی بۆپاشـاکان کەواتا نوسراو وەک وتار وایـە لەڕووی شەرعەوە هیچ جیاوازی نیـە خودی نوسراو بەقـسە وتاری خاوەنەکەی دائەنرێت.

کەواتا مەلا هەلّۆ ئێستا تۆ یان ئەبێت چیتر وتار ودەرسیشت نەبێت یان خۆدزینەوەت لەکتاب بەوبیانووە هەلّهاتنە لەنەبوون ـی توانات لەنوسین بەلاّم بەبۆچونی من گەورەترین هۆکاری تۆ بۆنەنوسینی کتێب ئەوەیە تۆخۆت ئەزانیت هەرسـاڵێک تۆ لەسەر فەتوا وعەقیدەیەکی بۆیـە کتێب وەک 500 وتارەکە نیـە بیسڕیتەوە وەک ڤیدۆش نیە بڵێی لێی قرتاوە بۆیە ئەزانی ئاستی تۆ لەنوسیندا شەرمەزارکەرە بـۆیە ناتەوێ خۆت بخەیتە دۆخێکەوە مەجالی حاشـاکردن وڕادنۆکردنت نەبێت.

پاشـان ئەڵێت من کتێب بنوسم ئەبێتە بەربەست لەبەردەم کتێب ـی سەلەف والله گوناحبارەبـم!

ماشـاء الله تعالـی لەم وەرع وزوهدە کەبۆهەلّۆ هەڵکەوتوە بەلاّم لەزانایانی سەلەف وخەلەف شاراوە بـوە چەند جێگەی تێڕامـان وسەرنج ـە ئەم تاوانە لەلای سەلەف شـاراوەبێت ئەم گوناح وتاوانی کتێب نوسینە لەسەر عەقیدە سەلەف وخەلەف ئاگایان لێ نەبوە تەنها مەلا هەلّۆ درکـی بەم تاوانـە کردوە جێگەی پرسیارە سەلەف وخەلـەف کەسیان نەیانفەرمووە کتێب مەنوسن دوای ئێمە چونکە کتێبەکانتان ئەبێتە بەربەست لەعلم ـی ئێمە گەر بنوسن ئەوە گوناحبارن ! بەلاّم هەلّۆ ئەڵێت والله گوناحبارەبـم واتا سوێندیش ئەخوات لەسەر ئەوەی گـــەر لەســـەر

عەقیدە خۆی كتێب ـێ بنوسێت تاوانبارئەبێت لەكاتێكدا بەقسەی خۆی لەسەر عەقیدەی سەلەفە كەچی ئەگەر ئەو بەناوعەقیدە سەلەفـیەی خۆی بكات بەكتێب تاوانبار ئەبـێت !

بەڕاست ـی سەیرە ئەم بـەناوعلمە تازانە تەنها بەهەڵۆ گەشـتوە زاناكانمـان ئەم علمە تازانەی هەڵۆیـان لانەبـووە! ئەمەش یـەک وەڵام ـی هەیە **هەڵۆ بۆتە كەسـێ تشریع ویاسا وحەڵاڵ وحەرام دائەنێت بەبێ ئیزن ـی الله تعالـی وخۆی كردۆتە هاوبەش ـی الله تعالی لەدانانی تاوان وحەڵاڵدا وحوكمەكەی خۆشی ئەیـاتە پاڵ دینی الله تعالی ئەمەش گۆڕین ـی حوكم ـی الله تعالی ـیە.**

ئیمام ـی طبری رحمه الله تعالـی لەتەفسیرەكەی بـەژمارە 12035 لە ابن زید گێڕاویەتیەوە لەبارەی ئەوكەسـانەی حوكمێك دەرەكەن وئەیەنە پاڵ الله تعالـی **(وزعم أن كتابه هذا من عند الله فقد كفر)**

وابزانێت ئەوەی نوسیویەت ـی لەلای الله تعالـی ـوە هاتوە ئەوە كافربوە.

ئایـا هەڵۆ كەئەڵێت والله گوناحبارئەبم بەناوی الله تعالی ـوە حوكمی گوناحباربون نایا ؟ مەبەست ـی گوناحباربون ـی شەرعی نیە ؟ بێگومـان بەڵێ كەواتا حوكمە داهێنراوەكـەی خـــۆی یـــایە پاڵ الله تعالی ئەمەش

جۆرێـکە لەجۆرەکان ـی تبدیل.

ئیمام ـی ابوبکر بن العربی فەرموویەت ـی : **إن حکم بما عنده على أنه من عند الله، فهو تبديل له يُوجِب الكفر. (أحكام القرآن2/625)**
گەر حوکم وبـڕیار بات بەپێچەوانەی حوکم ـی الله تعالى بەوپێەی حوکمە پێچەوانەکە بەحوکمێک دانێ کەلەلای الله تعالى ـوە هاتوە بەمە کافرئەبـێت.

کەواتـا لەسەر تشريع وياسای پەرلەمان ـی مەلا هەڵۆ :

— **ئیمام ـی الاجری** (360 کۆچـی) تاوانبارە کتێب ـی الشريعەی نوسـی وبوو بەبەربەست لەبەردەم کتێب ـی سەلەف.

— **ئیمام ـی الدارقطن ـی** تاوانبارە کتێب ـی صفات ـی نوسـی وبوو بەبەربەست لەبەردەم کتێب ـی سەلەف.

— **ئیمام ـی ابن منده** (395 هـ وەفاتی کردوە) کتاب التوحيد ـی نوسی گوناحبارە وبوو بەبەربەست لەبەردەم کتێب ـی سەلەف.

— **ئیمام ـی ابن بطه** تاوانبارە چونکە الابانەی نوس ـی وبوو بەبەربەست لەبەردەم کتێب ـی سەلەف.

— **ابن ابی زمنين** (399هـ) کتاب اصول السنەی نوسـی گوناحبارە بوە

بەربەست لەبەردەم كتێبەكان ســەلەف.

ــــ ئیمام ــی اللاكائــی (416) تاوانبارە چونكە شرح اصول اعتقاد ــی نوســی وبوو بەبەربەست لەبەردەم كتێب ــی سەلەف.

ــــ ئیمام ــی السجزی (444) تاوانبارە چونكە (الرد علی من انكر الحرف والصوت ــی) نوسی وبوو بەبەربەست لەبەردەم كتێب ــی سەلەف.

ــــ ئیمام ــی الهروی (481) تاوانبارە چونكە ذم الكلام واهله نوســی وبوو بەبەربەست لەبەردەم كتێب ــی سەلەف.

ــــ ئیمام ــی ابی عثمان ــی الصابون ــی (489 هــ) تاوانبارە چونكە كتێب ــی عقیدة السلف وأصحاب الحدیث ــی نوسی وبوو بەبەربەست لەبەردەم كتێب ــی سەلەف.

ــــ ئیمام ــی الاصبهانی تاوانبارە چونكە كتێب ــی الحجة في بیان المحجة ــی نوسی وبوو بەبەربەست لەبەردەم كتێب ــی سەلەف.

ــــ ئیمام الدشت ــی(666) تاوانبارە چونكە كتێب ــی اثبات الحدلله نوســی.

ــــ ئیمام ــی ابن كثیر تاوانبارە تەفسیری قورئان ــی نوسی وبوو بەبەربەست لەبەردەم كتێب ــی سەلەف.

ــــ ئیمام ــی ابن تیمیه تاوانــبارە چونكە عقیده الواسطیه والتدمریه والاستغاثه ــی نوســی وبوو بەبەربەست لەبەردەم كتێب ــی سەلەف.

— **ئیمام ــی ابن قیم** تاوانبارە چونكە اجتماع الجيوش الاسلاميه لغزو المعطله والجمهيه ــی نوســی وبوو بەبەربەست لەبەردەم كتێب ــی سەلەف.

— **ئیمام ــی الذهب ــی** تاوانبارە كتێب ــی العلو ــی نوســی.

— **ئیمام ــی المقريزی** تاوانبارە تجريد التوحيد المفيد ــی نوســی.

— **شێخ محمد عبدالوهاب** كتاب التوحيد واصول الثلاثه ونواقض الاسلام ــی نوسی تاوانبارە وبوو بەبەربەست لەبەردەم كتێب ــی سەلەف.

— **هەموو پێشەوایانی نەجد** ئەوكتێبانەی نوسیویانە لەگەڵ زانایانی دوای خۆیان هەموویان تاوانبارن چونكە ئەوكتێبانە بون بەبەربەست لەبەردەم سەلەف !

ئەمە هەمووی بەپێی قسەی مەلا هەلّۆ.

بۆزانیاریتان كەناوی یەك كتێب ودووكتێب ــم داناوە تەنها بۆپوختەكردن ــە نەك مەبەستەكە ئەوەبێت هەرزانایــەك تەنها ئەوكتێبەی بوبێ.

پـــاشان گەر هەلّۆ پـاكانە بكات بلّێت من مەبەستم ئەوەیە سەلەف هەمووشتێكی باسكردووە پێویست ناكات من كتێب بنوسم.

لەوەلاّمــا ئەلّێم : سەلەف بەزمانی عەرەبی كتێبیان نوسیوە كەچــی ئەو

هەمووزانایـە لەدوای سەلەفەوە هاتون نەهاتون بڵێن کتێب سەلەف بەسە بۆخەڵـکی لەکاتێکدا زۆربەی خەڵکەکە عەرەب بـوون وئەشیانتوانی ڕاستەوخۆ لەکتێب ـی سەلەف تێبگەن لەگەڵ هەموو ئەمەشدا زانایان دیسان بەعەرەبی کتێبیان لەسەر ڕێباز وعەقیدەی سەلەف نوسیوەتەوە وبەپێویستیان زانیوە تاعەقیدەی سەلەف بۆخەڵکـی سەردەم خۆیان دوای خۆیان زیاتر ڕوون بێت وپێی ئاشنابن.

لێرەیـا پرسیارێ یەتە پێشەوە :

سەرەڕای ئەوەی زانایان ئەو هەمووکتێبەیان دووای سـەلەف نوسیوە لەکاتێکدا زۆربەی خەڵکەکە عەرەب بوون وەک وتـــم خەڵکەکە ئەیانتوانی ڕاستەوخۆ کتێب سەلەف بخوێننەوە ولێشی تێبگەن چونکـــە زمان خۆیان بـوو لەگەڵ ئەوەشـــدا زانایان هەر کتێبیان نوسی ـو بەپێویستیەکی شەرعی وئـەرکی خۆیان زانـی کتێب بنوسنەوە تابابەتەکان ڕوونتربێت لەعەقیدە وفقهـ وفەرموودە وتەفسیر واصول ...هتد نەیانفەرموو گەر ئێمە ئەم هەموو کتێبە بنوسین لەبوارە جیاجیاکان خەڵک دوورئەکەونەوە لەکتێب سەلەف بەڵکو شەوڕۆژیـان خستبوە سەریەک بۆنوسینوەی کتێب (بەڵام بەداخەوە لەبڕی خێریان بگات لەلای هەڵۆ تاوانبارن).

ئێســـتا ئەپرسم :

ئایـا بۆتۆی بـەناو شوێنكەوتەی سەلەف كەكورد زمان ــی وبەحساب ــی خۆت شارەزای عەقیدەی سەلەف ــی ئایا لەسەرتۆ پێوویسترنیە كتێب بنوسیت لەسەر ڕێبازی سەلەف بەزمانی كوردی تاخەڵكەكەی خۆت ئاشنابكەیت بەسەلەف ؟؟ **مەگەر تــۆ تـاكە شێخ ــی پاشماوەی سەلەف نیت بـۆئەم گەلـە بەگومانی خۆت ؟** كەواتا لەسەرت پێویســـتە وەک ابن منده وللاكائی وابن بطه والاجروی كتێبەكان ــی سەلەف بنوسیتەوە وەک ڕێبازی ئەو گەورە زانایانە تاگەلەكەی خۆت ئاشنا بكەیت بەسەلەف.

ئەی مەگەر الله تعالــی نەی فەرمووە : **وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلاَّ بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ ۞**

هەموو پەیامبەرێــک كەناردوومانن بەزمانی هۆزو نەتەوەكەی خۆی ناردوومانن بــۆ ئەوەی شەریعەت و بەرنامەكەی الله تعالی ــیان بۆ ڕۆشن بكاتەوەو بەئاسانی تێیان گەیەنێت.

حیكمەت لــەناردنــی پێغەمبەران علیهم الســلام بەزمانی گەلەكەیان بۆئەوەبوە خەڵكەكە تێبگەیەنێت **كەواتا گەیاندن ــی عەقیدەی سەلەف بەهاوزمانەكانمان بەزمانی خۆمان نەک هەرتاوان نیــە بەڵكو واجبێكی شەرعیە** خەڵكــی خۆمان بەوتەكان سەلەف ئاشنابكەین.

چونکـه کتێب ـی سەلەف هەمووی عەرەبیه خەڵکی کورد چۆن بیخوێننەوە ؟ خۆ سەدا حەفتا زیاتری کورد عەرەبی نازانن چجای بگاته خوێندن ـی کتێب ـی سەلەف کەواتا تۆ کتیب بنوسیت ونەینوسیت چی ئاستەنگێ لەبەردەم خوێندنەوەی کتێب ـی سەلەف دروستەکات؟ بـاشـه کەئێستا زانیمان نوسین ـی کتێب لەسەرعەقیدەی سەلەف بۆگەلی کورد هیچ ڕێگریەک بـۆ کتێب ـی سەلەف دروست ناکات کەواتا پێم بڵی بـۆچی گەرتۆ کتێب بنوسیت لەسەر عەقیدە وڕێبازی سەلەف تاوانباری خۆ کتێبیش نەنوســی خەڵک خۆی زۆربەی عەرەبی نازانێت ئیتر بۆچی کتێب ـی تۆئاستەنگ درووستەکات بۆکتێبەکان ســەلەف ؟؟؟

ئەی بـۆناڵێی پیاوی ئەو مەیدانە نیم وئەهلی ئەو گۆڕەپانە نیـم دانیشم کتێب بنوسم وەڵام ـی شوبهات ـی ئیخوان ـی وجەهمی ومەدخەلی وجەهم ـی قبوریەکان بەمەوە ئایا ئاوا ڕاشکاوتربیت پیاوانەترنیە بـۆتۆ خۆگەر تۆ کتێب بنوسیت لەم بارەیەوە لەسەر عەقیدەی ســەلەف ئایا ئەبێت بەڕێگر یان ئەبێت بــەخاڵی بەیەک گەیشتنی گەلی کورد وسەلەف و ئاشنابونیان بەناسینی سەلەف وعەقیدەی سەلەف ؟؟

ئەی بۆلەالله ناترسیت بـۆچی دەستکاری حوکم ـی الله تعالی ئەکەیت وکارێکی شەرعی بەتاوان دائەنێیت؟

گەر زۆر بڕوات بەقسەکەی خۆتە کەواتا هەرئێستا واز لەدەرس وتنەوە و وتار بێنە ئەوە هەموو کتێبەکان سەلەفن خەڵک بۆچی گوێ لەتۆ گرێت ؟ ئەوە سەدان کتێب ـی شەرح هەیە بۆکتێبەکان سەلەف بۆچی تۆ یەی دەرس ئەڵێیتەوە ؟ خۆ دەرس وتنەوە و کتێب لەشەرعدا وەکو یەکن گەر کتێب نوسین مانای ڕێگریە لەکتێب سەلەف کەواتا وتاریش هەمان شتە!

من خەم لەوەئەخۆم قوتابیەکان ـی هەڵۆ ئەم وتارانە بڵاوئەکەنەوە وائەزانن شێخە جاهلەکەیان وەڵامێکی بەهێز وتوندوتۆڵی یاوەتەوە **بێ ئاگان لەوەی هەرخودی وەڵام ـی شێخەکەیان دەرخستن ـی گەمژەی وجاهل ـی شێخەکەیان ـە کەتشریع دائەنێت و حەڵاڵ و موستەحەب واجب ـی شەرعی بەتاوان دائەنێت.**

الحمد لله رب العالمين